


# ئەفسانەی قاڵیچەیەکی چنراو..

سەبا ئەحمەد
(هەڵەبجەی شەهید)

بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی مانگی کانوونی دووەمی ساڵێکی تووش بوو؛ بەفر تا پشتێنە باریبوو؛ دنیای بەیەکجار کشومات کردبوو، بێجگە لە ماڵی عەبدوڵڵاپاشا، سرتە لە هیچ جێیەکەوە نەدەهات؛ بەڵام ئەو بەیانییە، تەنانەت ئەو چۆلەکانەش بەگوێسوانەکەی ئەوانەوە هەڵنیشتبوون، چاوەڕێ بوون لە شیرینی ئەو منداڵەی ئەو شەوە هاتووەتە دنیاوە، بەچنگێ گەنم دەمیان شیرین بکرێ.. لەگەڵ زەردەی بەیان زۆرینەی هاوماڵەکان بۆ پیرۆزبایی و پێ و قووم خێری ڕوویان لە ماڵی عەبدوڵڵاپاشای کوڕی عەلی خان کرد. هەرکەس بەدەس و دیاری خۆیەوە، لەوکاتەشدا، ژنێکی باڵابەرزی قژخورمایی خۆی بەماڵێدا کرد و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا فەرشێکی دەستچنی خاوکردەوە.

بەدەم قریوەی شادییەوە وتی: ئەوە قاڵیی کوردییە، نۆ مانگە بەشەو و بەڕۆژ خەریکم و بۆم تەواو نەدەکرا، ئەمشەو پەرجوو ڕووی دا، لەکڵاو ڕۆژنەکەمانەوە نوورێک، وەک ڕووبارێکی بەخوڕ ڕژایە ناو ژوورەکەمەوە، تا تەواو بوونی ئەم قاڵییە کەمی نەکرد. لەگەڵ بڕینی یەکەمین کڵافەی تانوپۆی قاڵییەکەدا، دەنگی گریانی ئەم منداڵە هات و زانیم ناوکی قاڵییەکەی من و ناوکی ئەم منداڵە یەک قەدەریان هەیە، بۆیە نەدەکرا ئیتر لای من بێت و بۆم هێنایەوە. هەرئەوەندەی وت و لەماڵ دەرچوو.. عەبدوڵڵاپاشا بەخێرایی یەکێک لە خزمەتکارەکانی بەدوایدا نارد تا بیگەڕێنێتەوە؛ هیچ نەبێ نانی ئەو بەیانییە پڕ خۆشیەیان لەگەڵ بخوا، بەڵام ژنە وەک ئاو کە زەوی هەڵی مژیبێ، دیار نەما..

ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ گەورە بوونی ئیسماعیل-دا، ئەم قاڵییەش گەورە دەبوو، هەر ڕۆژەی گوڵێک و هەر ساڵەی نەخشێکی دیکەی لێ دەنەخشا.. قاڵییەکە لای هەمووان بووبووە جێگەی بایەخ و وەک پیرۆزییەک سەیریان دەکرد. یەکێک دەیوت: ئەمە ئەو قاڵییەیە کە سوهرەوەردیی نوێژی لەسەر کردووە، بۆیە لەدوای ئەو نوێژەوە بووەتە چیمەن و هەر ڕۆژەو چینێکی نوێی لێ دەڕوێ. هەندێ تر دەیانوت: ئەمە قاڵییەکەی زەردەشت پێغەمبەرە؛ وەرن سەیری کەن، هێشتا ئاتەشگەکانی پڕن لەتینی گەرمایی.. هەرکەسەو دەیگەڕاندەوە بۆ مێژوویەکی دوور..

هەرکە ئیسماعیل گەورەبوو، چووە حوجرە و دەستی بە نوێژکردن کرد، قاڵیچەکەی کردە بەرماڵی خۆی.. ئەو دەیوت: کە سەر دەخەمە سەری لەکاتی سوجدەدا هەست دەکەم دڵم لە چوار جێگەوە لێ دەدا، پاش نوێژ هەستێکی پیرۆز هانم دەدا تا نەتەوەکەم لە دەست شەڕی قاجارەکان ڕزگاربکەم؛ وەک هەموو گەلانی دنیا ئێمەش ببینە خاوەن دەوڵەتی خۆمان. لەکۆتاییدا سوجدەیەکی دیکەی دەبرد و قاڵییەکەی ماچ دەکرد و دەیگوت: دڵنیابە تۆ دەکەمە ئاڵای کوردستان، ئیدی قاڵی بەبانگی ئاشکرا دەکەوتە سەما و فڕین بەناو حوجرەدا، هێندە دەخولایەوە تا سمکۆ سەری لە گێژەوە دەچوو، ئیدی لێی دەخوڕی تا بوەستێ.

چیرۆکی ئەم دووانە بەردەوام بوو، سمکۆ بووە ڕابەر و پێشەوای نەتەوەیەکی بێکەس و بڕیاری شۆڕش و خەباتی دا. هەر ئەم بڕیارە بوو کە ئیسماعیلی کردە چقڵی چاوی قاجارەکان تا لە ئێوارەیەکی گەرمی هاویندا پێش هەموو شتێک قاڵییەکەی پێچایەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی و خێزانەکەیدا کەوتنە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ داگیرکەری قاجاریدا. لە ناوچەی شەکەریازی بە ناچار پەڕیوەی خاکی براکانیدا لەباکوور بوو، وەلێ لەوێدا کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللەی گورگەبۆرەکانی تورکی مەغۆلزادە؛ خێزانی شەهید و کوڕەکەی بەدیل گیران، ئەویش کە چاری نەما و زانی لە نێوان دوو دوژمندا وەگیر هاتووە، نەیویست بە دیلی بکەوێتە دەست دوژمنانی، بە پێدزە و پارتیزانی قاڵییەکەی لە خۆیەوە ئاڵاند و وەرپێچا و لە چاوان ون بوو.

لە نیوەڕۆیەکی هاوینی گەرمی تاقەت پڕووکێندا، بەشلوشەکەتی خۆی بەناو سلێمانیدا کرد و گەیشتە لای شێخ مەحموود لە ئەشکەوتی جاسەنە، لەو ڕێکەوتەوە کەس ئاگای لە چارەنووسی ئەو قاڵییە نەما. مێژوونووسان و شوێنەوارناسان دەگێڕنەوە و دەڵێن: لەو دەمەدا سمکۆی شکاک گەیشتووەتە ئەشکەوتی جاسەنە، حاجی تۆفیقی پیرەمێرد لای شێخ دانیشتووە، ئەویش چیرۆکی ئەو قاڵییە ئەفسووناوییەی بیستووە. لە لایەن ئەو دوو سەردارەی کورد، قاڵییەکەی پێ دەسپێرن و ئەویش لەگەڵ خۆی دەیبات، دوای چەندان ساڵ مووسا عەنتەر کە بە سەردانێک دەچێتە لای شێخ سەعیدی نەورەسی، ئەو قاڵیچەی بینیوە کە شێخ ئیلهامی زۆر لە نووسینەکانی لە باخچە جادووییەکەی ئەو قاڵییەدا نووسیوە و بەشێوەیەکی سەیر گەورە بووە، بەڵام تەنکتریش بووە.

ژوورێکی تاریک..

+ خەڵکی کوێیت؟

- نازانم.

+چۆن نازانی؟

- بەچیدا بزانم؛ لەوەتەی هەم، هەر ڕۆژەی لە شارێک و هەر ساڵەی لە وڵاتێکم.

+ تۆ چیت؟

- من مرۆڤم.

+ هەموومان مرۆڤین خۆ ئێمە کەر نین. لە دڵی خۆتدا وتت (نا ئێوە مرۆڤ نین، ئێوە دڕندەش نین، دڕندەکان تەنیا لەکاتی برسێتیدا

پەلاماردەدەن، بەڵام ئێوە لە تێریدا...) بەڵام بە ئاشکرا بێدەنگ بوویت، تا دووبارەی کردەوە؛

+ تۆ چیت؟

– نازانم لە مەبەستت تێناگەم (هەر بەڕاستیش تێنەدەگەیشتی)

+ چۆن تێناگەی، دەڵێم؛ چ نەتەوەیەکی؟

بەناوی نەتەوە ترسایت، بۆیە نەختێک خۆتت گرت، پاشان بە کزییەوە وتت: کورد. ئەو بە تووڕەبییەکەوە وتی (موخەڕیب) تۆ وتت (نا مەدەنی) هەموویان پێکەوە پێکەنین.

+ (ئایینت چییە؟) بە تۆنێکی تەماوی وتت (ئەز ئێزیدیمە...) هەندێ کاغەزی خستە بەردەستت و وتی: (کافر، ئێمە دەڕۆینە دەرەوە، تۆش ئاقڵ بە و چی بە بیرتدا دێت بینووسە، ناوی خۆت، هاوڕێکانت، ئەو چەکدارانەی هاتن بەدەمتانەوە ویستیان ڕزگارتان بکەن لەکوێن، هەمووی بێ سەرئێشە دەنووسی.)

– وتت: هیچ نازانم. زللەیەکی سرەواندە بناگوێت و...

+ وتی: خۆت دەزانی ئەو قسانە ناچن بەگوێمدا..

ئەو ڕۆیشت، تۆش زانیت کەوتوویتە چ مەرگەساتێکەوە.

ئەو شەوە نەتزانی چۆن ڕۆژ بووەوە؛ لە ترس و چاوەڕوانیی مردندا کات وەک با دەڕۆیشت. بەئاستەم کە تاڵێکی پرشنگ ژوورەکەی ڕووناک کردەوە، دوو سەرباز هاتن و چاوەکانیان شەتەک دایت و لەگەڵ خۆیان بردیتیان. لە ژوورێکی ڕووناک و پڕ تیشک چاوەکانتیان کردەوە، چاوەکانت بەرگەی ئەو ڕووناکییەی نەدەگرت. دەستت بەچاوەکانتەوە گرت، قامچییەکی بەهێزی برووسکە ئاسا چزەی لەسەرت هەڵساند. وەک دەستێک هەڵت دا بەو جۆرە، بەرزبوویتەوە و لەپڕ دا کەوتی..

کە بە ئاگاهاتمەوە، سەرنجم دا، دەستم لە چاوم بووەتەوە و توند سەرم گرتووە، پاشان کەوتمە بەر ڕەهێڵەی قامچی.. تا شەکەت بوون و تۆش بێهۆش.. بەخەبەرهاتم، هەستم کرد لەناو دەستێکی ئارامدام. قاڵییەکی نەرمی ئاوریشمی خۆی لە باڵام ئاڵاندبوو، وەک دایکێکی میهرەبان توند توند لە ئامێزی گرتبووم. ئەوان هاتن و بەقایمی قاڵییەکەیان لێ کردمەوە، ئەوجا پرسی

+ کێ ئەو قاڵییەی پێدا دایت؟

– دایکم.

+ ڕادەبوێری؟

– نەخێر قوربان، ڕۆحی دایکم بوو. (ئەوان وەک گاڵتە لە قسەکەم تێگەشتن)، بۆیە بەجنێو باڵای دایکمیان جنی، پاشان قاڵییەکەی ڕاخستەوە.

+ وتی: وەرە ئەمە چییە لەم قاڵییەدا نووسراوە، ئەم پیت و پەلەوەر و باڵندانە چین، ئیسماعیل کێیە؟ ئێوەی کورد نازانن ئەم جۆرە وێنانە حەرامن، یان ئێوەی کورد بەحەرامی گۆش کراون؛ دەنا ناوی پێغەمبەرێک چۆن لە بەرپێدا دەنووسرێ، ئێوە دەتانەوێ لە بری قورئان، لەسەر فەرش و قاڵیی بەرپێکان چیرۆکی پێغەمبەران بگێڕنەوە.

+ بڵێ ئەم وێنانە یەعنی چی و کێ ئەم قاڵییەی چنیوە؟. هەرچیت دەکرد لە مەبەستی حاڵی نەبووی، بۆیە وتت:

–نازانم.

+ نازانم نییە، ورد سەیری کە.

بەیەک کورتەنیگا چاوەکانم کرانەوە، هەر ڕەنگ بوو دەڕژایە ناو چاوم و هەر وێنەبوو خۆی بەزەینمدا هەڵدەواسی، ئەو هەموو نەخشی گوڵە لە تەختی ئەو قاڵییەدا بوو. هەموان بەیەک گوڵ دەیانبینی، وەلێ هەزاران گوڵی کێوی بوون کە بەناو یەکدا چووبوون، تا چاوەکانم وردتردەبوونەوە، وێنەکان ڕوونتر

دەردەکەوتن.

یەکەم وێنە پیاوێکی ڕیش سپی بوو بە پەتی سێدارەوە هەڵواسرابوو، پەنجەی شایەتومانی بەرز کردبووەوە و تا ئەو کاتەش شەو با کەروێشکەی بە قژەسپی و ڕیشە درێژەکەی دەکرد، لەسەر شانی باڵندەیەکی بچووک هەڵنیشتبوو، بە دەنووکی هێدی هێدی ڕیشی بۆ دەهۆنییەوە، ئەویش وەک ختووکەی بێت، زەردەخەنەیەک کەوتبووە سەر لێوی، ئەوەی سەیربوو مردن و ڕۆژگار نەیتوانیبوو نە جووڵەی باڵندەکە بوەستێنێ، نە زەردەخەنەکەی ئەو کاڵ بکاتەوە. بە دەوریدا چەند سەربازێک لە زەردەخەنەکەی زارەترەک بووبوون، لە خوار وێنەکەوە بە ئەستێرە نووسرابوو ((شەهید شێخی پیران)) دەتزانی ئەگەر چیرۆکی ئەم وێنەیە بۆ ئەو جەلـلادە بگێڕیتەوە نەک بڕوات پێ ناکات، بەڵکوو بە شێتت دادەنێ! دووریش نییە بەتاوانی ڕابواردن بکوژرێیت، بۆیە متەقت لێوەنەهات و چوویتە گۆشەیەکی دیکەی قاڵییەکەوە.

(کۆمەڵێک باڵندەبوون، ڕەش ڕەش دەچوونەوە، بەپۆل دەفڕین، فڕینیان هێندە زیندووبوو جارجار بۆ ئەوەی بەر ڕوخسارت نەکەون سەرت بەم لا و ئەو لادا دەخست، بە شنەی باڵیان ئارەقی ژێر قژە شپرزەکانیان وشک دەکردیتەوە، هێدی هێدی وێنەکان ڕوونتر دەبوونەوە؛ باڵندەکان بوونە کۆمەڵێک ژن و خۆتت لەناویاندا ناسییەوە، لە نێوخۆیاندا بە زمانێک دەپەیڤین کە بەگوێت ئاشنابوو؛ ژنەکان هەموویان سەرتاپا ڕەشیان پۆشیبوو، لە نێوان کەوشەنی دوو وڵاتدا، هەردووک خاکی خۆیان، بەڵام هیچ کامیان وڵاتی ئەوان نەبوو. سەرجەم پیاو و کوڕەکانیان لێ جیاکردبوونەوە و ئەوانیان کردبوونە قوربانی و ئەمانیشان وەک دیاری دەبەخشییە ئاسمانێکی دوور، لەناو هەموو قەلەڕەش پۆشەکاندا غەمبارترینیان لە ڕووی قاڵییەکە نزیک بووەوە و بە گوێتدا چرپانی ئەزیزم (کوردی فەیلین، کرایین وە تۆپ فتبۆڵێن، هەر وڵاتێگ ئەڕا خوەی تێمان هەڵ ئەدا و لە خاکی خۆمان دەرمانەکەن. جەرگەکەم گەر بتوەنی خەوەر عەلی کلکە ئەڕام باری، بێژە ئێمە بریاین، نیەزانم کورە ئەچین، باچەمەڕای ئێمە نەکەین)، گۆشەیەکی تاریکی قاڵییەکە هەموو گۆڕی بەکۆمەڵ بوو، گۆڕەکان شەلاڵی خوێن بوون، بۆنی خوێنەکە هێندە خەست و توند بوو هێڵنجت دا.

هاواری کرد بەسەرتا چییە قەحبە ئاوس نەبی!! بەڵام تۆ هیچت نەوت لەتاو وێنەکان ساکابووی، لاپەڕەسەنی، کات و شوێنی لەبیر بردبوویتەوە؛ لە نەخشی قاڵییەکەدا بۆ وێنەی زیاتر دەگەڕای؛ نیگات بەر هەر لایەکی دەکەوت خوێن قوڵپی دەدا، ورد بوویتەوە و چاوت لەسەر وێنەیەک گیرسایەوە.

کاروانێکی درێژم دی وەک زنجیرێکی پۆڵا، وەک بڵێی هەر ئەڵقەیەکی مرۆڤێکی پێوە هەڵواسرابێ، تا دەهات درێژ دەبووەوە. لە دارستان و کانی و ئاوێکی سەوزەوە دەڕۆیشت تا دەگەیشتە بیابانێکی قاقڕ، هەزاران گوڵی ناز ناز و سەدان پەپوولە بەو زنجیرەوە کرابوون تا دەڕۆیشت دووکەڵی بەدوای خۆیدا دەکێشا، منداڵی وای تێدابوو لە حەسرەت برسێتی پەنجەکانی خۆی کرماندبوو، دایکی وای تێدابوو ناوی خۆی بیرچووبووەوە، بەڵام هەرگیز ناوی منداڵە ونەکانی و گوندەکەی بیرنەچووبوو. سەگەکان هێندە لە لاشە تێر بووبوون چیدی بە دز و نەیارانیش نەدەوەڕین. یەکێک لە سەگەکان لە ڕووی قاڵییەکە نزیک بووەوە و وتی: لە هەڵەبجە تەرمی چەندان منداڵم خوارد، بەڵام هیچیان بەئەندازەی تەرمی ئەو منداڵە خۆش نەبوو، لەسەر قەراغ هەسێرەکەی پشتی (بامۆک) بەپشتا کەوتبوو، بەجلی تەڕو

چـاوی تــەڕەوە ئەسـتێرەکانی دەئەنـگاوت، دڵــی خـۆی بـەوە دەدایـەوە کـە سـبەی شـەو ئەویش دەگاتـە لایـان.

شـەپۆلی بۆنێکـی ناخـۆش نـاو بەندیخانەکـەی داگیرکرد، نـەک هـەر تـۆ، ئەوانـی دیکـەش کەوتنە کۆکەکۆک و هێڵنجدان و چاوەکانتـان سـووتانەوە، ئـەوان کەسـیان بیریـان بـۆ گێڕانـەوەی نـاو قاڵییەکـە نەچـوو، وایان زانـی غـازی نـاو ژوورەکـە بەربووەتــەوە، بۆیـە بەپەلـە ژوورەکەیـان بەجـێ هێشـت و خـۆت و قاڵییەکـە تەنیـا مانــەوە.. شــارێک لەیــەک ڕۆژدا وەک بــاران مردنــی تێـدا دەبـاری و خوێـن پەڵـەی دەدا، ئـەو ساڵە لەسـەر کۆنکریتــی ماڵــە ڕووخاوەکانیــش گوڵاڵەسـورە ڕووان. شـەپۆلی مەرگـی ئـەو ساڵە لـە گەرمیـان تـا کوێسـتان بـوو، ئـای شـوورە و دیواربەندەکـەی مــردن! ئــای عەرعــەر، ئــای مــۆزەی هــەزاران چیرۆکـی مـردن! هەمـوو ئـەو جلـە جێماوانـەت بە تەلبەنـد و زبـری دیوارەکانـەوە، وەک بـاڵای داری شـێخان و پیاوچـاکان ڕەنگاوڕەنـگ دەچوونــەوە، ئێسـتا لـە نەخشـی قاڵییەکـەدا بـەدەم بـاوە دەلـەرزن، سـاڵێک بەئەنـدازەی هـەزار سـاڵ کـوردی تێـدا کـوژرا.

کچێکـی نەرمۆڵـەی دەموچاوپـان هاتـە سـەر ڕووی قاڵییەکـەو وتـی: مـن؛ مریەمـم، مریەمـم بـۆ کەسـوکارم دەگەڕێـم، خێرتـان دەگاتـێ لـە عیسـا بپرسـن چـۆن باوکـم بدۆزمـەوە؟

لــە گریــان و ئارەقــەی خــۆم و ڕەنجەڕۆیــی نەتەوەکەمـدا نوقـوم بـووم، کـە دیسـان هاتنـەوە ژوورەوەو

+ وتـی: چیـت لـێ خوێنـدەوە، بڵـێ بزانـم ئـەم قاڵییـە نەفرەتییـە چۆنـە؟

لــە گۆشــەی قەراغــی قاڵییەکــەوە وێنــەی تاووسـێک سـەرنجی ڕاکێشـای، دەسـتم لـە دەور و بـەر بـەرداو گەڕامـەوە ئـەو ڕۆژەی تاریکییـەکان هاتـن و بەنیازبـوون تـاڵ تـاڵ پـەڕی مەلـەک تاوس هەڵکێشــن. ئــەو هەمــوو خەڵکــە بێکەســە لــەو شـاخانەوە خۆیـان کردبـوو بـە بـەرد. بـەردەوام بـە دەنگێکـی بـەرز کـە بووبـوو بەویـردی هەمـووان؛ دەبــێ بەقەدپاڵەکــەوە ببینــە بــەرد تــا بەمــردن و کەوتنیــش بەســەر دوژمنانــدا گلۆرببینــەوە، بــەڵام ئەفســووس ئــەوان هەرچۆنێـک بێـت ڕەوە تاووسـێکیان دایـە بەرخۆیـان و بردیانـن.

(ئــەم نەخشــەیان بــازاڕی ڕەقەیــە و مامەڵــە گەرمـە، دەڵاڵەکـە هـاواردەکات، ئەمەیـان ((زارایـە)) وەرنەوە، کچەکا دەلال و نازدارا لالشـێیە.. جەسـتەی ئـەو پیـرۆزە، وەرن پیرۆزییەکـەی بشـکێنن هـەڕاج.. وەرەوە ئەمەیـان (فاتێ)یـە، کچـێ دەلالـی مەلـەک تاوسـە..

بـەو جـۆرە هەموویـان فرۆشـران، بێجگـە لـە تـۆ؛ کـە ئەمیـر وەک (مامەڵەکـەت ئەیمـان) بـۆ خـۆی هەڵگرتیتــەوە، تـا لـە پـاش گەڕانـەوەی لـە شـەڕ و خوێــن ڕشــتنی کافرانــی نەتەوەکــەت، لەســەر جەسـتەی ناسـک و پـاراوی تـۆ ماندوویـی ڕق و تووڕەیی خۆی دەرکا. ئەو، دوێنێ ئێوارە بەدەست کچێکـی یەپـەژە لـە سـەرێ کانی ڕەوانـەی دۆزەخ کـرا، ئێسـتا تـۆ بوویتـە گۆشـتی قوربانـی، هێنـدە خوازیـارت زۆرە کـەس زات نـاکات بێـت و بتکاتـە هـی خـۆی؛ دوور نییـە ئـەم حـەز و پاوانخوازییـە نەتکاتـە قوربانـی گوللەیـەک، بۆیـە بێدەنگـی، تـۆ خــۆ غەمبارکردنــت بــۆ پێشــەوا دۆزەخییەکەیـان ژیانــی تــۆ درێژدەکاتــەوە و دانبەخۆتــا بگــرە. چاوەڕێ بـە، ئەمشـەو لەنـاو ئـەم قاڵییـەوە وەک تاووسـێک دێمـە دەرەوە و دەتخەمـە سـەر کۆڵـم و بـۆ سـەر بڵندتریـن لووتکـەی شـاخی زاگـرۆس دەترفێنـم. کچـم نەترسـی ئــەوە منـم ڕۆحـی کوردانـە، لـە هەمـوو جێیـەک لەگەڵتـدام.